www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-7-2006 14:03

# سەفەرو کاڵبونەوەیەک لەرەنگی تۆ... ئارام قەرەداغی

سلێمانی
Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram



موسافیرێک لێرەوە تێپەڕی و
بەشوێن پێکانی ئەی نوسی
ئەم ڕێگایە زۆر درێژە
بەو تۆزەی لەقاچی جێدەما
هاواری دەکردو دەی وت
ئەم ژیانە
کانیەکی پاکی تیا نەماوە
ئێمە چەند ماندوین
ئەم ڕێگایانە هەمیشە درێژو
کانیەکان دایمە لێڵ و
ئێمەش هەردەم موسافیر

لە پێڵاوەکانم بپرسن
پێتان دەڵی
من چەند قەلام بڕیوە
کە بەکەللەسەر دروست کراون
پێتان دەڵی من چەند ڕەشبینم
من ئەو موسافیرەی کە بەسەر شەقامەکانا ئەڕۆم و
پێ ئەنێم بە پ ا ر چ ە کانی دڵما
هەنگاو دەنێم و
لە شوێن پێکانمەوە
خوێنی خۆم دێتە دەر
بەدنیایەک لەسەفەرەوە
موسافیرین و
لە جەهەنەمەوە دێم و
سەرم هەموی پڕوشەی بەفرە
لەسنگی دایکمەوە هەڵدێم و
دڵم یەکپارچە قوڕی وشکە
بەم سەفەرەوە دەڕۆین و
وشەکانی ناو هەوا دەخوێنینەوە
لەناو سینەی هەوادا
دێرێک دەڵی:
مشتێک بۆنی هەناسەی تۆم
پێویستە
تا دوکەڵی ئەم غوربەتە

ئەم خنکێنی
سەیرکە لەسەفەردا
چی دەخوێنینەوە... چی دەبینین
ڕاوچیەک قولاپەکەی فڕێ ئەدات و
دەڵێ:
دەمانەوێ لەدەریادا ڕاوی ماسی بکەین
کەچی زەمیلەکانمان
پــــــڕ پـــــڕن لەقەوزە
بەمەلەوانەکەی هاوڕێی دەڵێ
مەلەی تۆ لەناو ئەم دەریـــــــایەدا
هەنگاوێکی ترە بەرەو خۆکوشتن
مارشێکی ترە بەرەو
وشکبونەوە
من هەر موسافیرم و بەسەفەر ئەچمەوە بۆ ماڵ و
سەیردەکەم
کتێبەکانم بون بە پێڵاو
تۆ موسافیر نیت و
ڕۆژێک لەماڵوەیت و سەیر دەکەیت
پێڵاوەکانت ئەبن بەتــــــاج
بەدەم ڕێوە ئێوارەیەک من لەسەر جادەکانی
شار د ە م ر م و
ناخم جمەی دێ لەماچی
م ر د و و
لەدوای سەفەری من
کەنارێک بە کورگەلەکانی دەوت
دەستەکانتان
سورە بەخوێنی یەکتری و
لێوەکانیشتان گەشە بەخەندەی بێمانا
شەرمەزاری لای ئەو کەنارییانەم
کە من موسافیرم و
ئیدی ناتوانم بچم گوێ لەبێدەنگیەکانیان بگرم
ئەڕۆین و
سەمای کەوتنە خوارەوەی گەڵاکانی پایز
سکێچێک ئەکێشن
وەک ئەوەی بڵێن
لەداخی دوێنێ
سەیرکە ئەمڕۆ
چەند بێمنەت ترم لەمردن
ئێمە لەوێ چەند گومڕابوین

دەنگی کەناریەکانمان بەجێهێشت
بۆ سۆڵۆیەک کەووەهمە
چەند گێلۆکەبوین
ئێمە لەناو جەهەنەمدا
بۆ بەهەشت دەگەڕاین
لەناو خۆشمانا بۆ یەکتری
لەویشەوێک دەخەوتیت و
بەیانی هەڵدەستایت
دڵت بوبوو بەلاستیک..
ئێمە لەوی
کە بەناو باخچەیەکدا ڕادەبوردین
کە بۆنی خەزانی لێدەهات
ئیدی هەموو گومانەکانمان دەبون
بەیەقین
ئێمە لەناو سەفەرابوین و
کاڵبونەوەک لەڕەنگی تۆ
کاڵبونەوەیەک
لەیاریەکانی مناڵیم
لەم کۆڵانەوە ڕۆیشتن
لەژێرپێڵاوی بەربەریەکانا
پڕبەکەللەیەکی بەتاڵ
یاریکاڵ..
ئێوارەکانی دوێنیجێدەماو
ئێمەش هەر هیچ
ئێمەش لەسەر بانەکەی خۆمان دادەنیشتین و
چاوەڕوانی پشیلەیەک بووین
لەماڵەکەی هاوسێمان بێتە دەر
ئەری پشیلەی ئازیز.. دراوسێی ئازیز
ئەمڕۆ ئەم ڕەنگانە بۆ واکاڵن
ڕەنگی ئەم بەیانیە پەژموردە بوو
من چەند بەکاڵی
سەیری ئەو وەنەوشە کاڵەی
حەوشەکەی ئەو دیومانم ئەکرد
ئەو چەند کاڵبوو
ئەو ڕۆژە وەکو پاساریەک
مردنێکی سادە دەمردین
لەوی
شەمەیەک
بەکاڵی دەمردین و

یەک شەمەیەک

هەناسەیەک لەسنگمانا جێدەما و
دەی كوشتین

دو شەمەیەک

گریانێک لەقورگمانا گیردەبو و
دەی دەیخنكاندین

سیشەمەیەک

نا ئومێدیەک بەكاڵی ڕۆحمانی دەكێشا

چوارشەمەیەک

لەناو پەلەپەلی دڵمانا دەمردین و

پێنج شەمەیەک

ئەو لەوی نەبوو
خەیاڵێكی كاڵ
هەناسەی تیا نەدەهێشتین

ڕۆژێكی هەینی..

ڕۆژێكی هەینی ئێوارەیەک
لەدامێنی ڕازێكی كاڵ
بەكاڵی سەرمان دەنایەوەو
دەگەڕاینەوە بۆلای یاریەكانی
مناڵی
دەگەڕاینەوە بۆ لای ئەو هەلوكەی
كەتائێستاش
لەسەربانی ماڵەكەی ئەوبەرمانەو
من ن ە م ە و ێ ر ا و ە بچم دایگرم
ئەم گەڕانەوانە
چەند كاڵمردنە
لەدوای ئێوارەیەكی
هەینیەوە
بەكاڵی دەمرین و
بەكاڵی موسافیرین و
بەكاڵـــی دەرۆین
چەند بەسادەیی دەمرین
بەو مردنە سادەیەوە
ئەچوینەوە بۆ كۆڵانەكانی جاران
بەدیقەت ئەمان ڕوانیە
ئەوسەری ڕێگاكان
بەكاڵی دەمان بینین
چەند دوربوو
ئەوسەری... ئەوسەر

ئەی خوا...
پێش سەفەر
وەک ئەسپەکانی کوڕی سوڵتان
بەشەکەتی دەگەڕاینەوە بۆ
مەحشەرەکانی تۆ
بە ئەندازەی ترازانی دەمی
ئێوارەیەک
دەنگی کەناریەکی نەخۆشمان لێت دەویست
بەقەدەر شەوقی فتیلەیەکی
ماڵێکی لادێ
هیوای ڕزیومان لێت دەویست
وەک بەرسیلە هەناومان پـــڕ بوبو لەئاو
بەسەر شەقامەکانی تۆدا
سەفەرمان دەکرد و
دڵمان خاڵیبو لەزیکری
تۆ
ئەی خوا...
ئێستا ونم کە
لەم قەرەباڵغیەدا ونم کە
تا کەس داوای خوێنی منت لێنەکا
بەژموردەبوو ئەم خەیاڵی
فرینە
لەم نیوەشەوەدا بمخەرەخوارەوە
تا کەس پرسیاری ڕاوەکانی
تۆ نەکا
لەناو سەفەرا
بەو کاروانانە دەڵێم
کەتوشم دێن
من لە ئامێزی ئەو مەلانەوە
هاتوم
کەدنیا نغرۆی فرمێسکی ئەوانە
ئەو مەلانەی دەنگی گریانی
ئەوان
وەختە قیامەتێک لەڕوحی مندا هەستێنێت
ڕەنگە فرینی ئەوان
هەردوو قاچی من بشکێنێت
لەدوای سەفەر
سەیرکە
چەند بێمنەتترم لەمردن